# جۆراوجۆری زمانی
# لە ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم)ی فەرهاد پیربالدا

**د. عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان**
بەشی زمانی کوردی / کۆلێژی پەروەردە/ شەقڵاوە
زانکۆی سەلاحەددین – هەرێمی کوردستان، عێراق
Omer.abdulrahman@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەویە دەچێتە بواری کۆزمانەوانی، هۆکارەکانی بوونی جۆراوجۆری زمانی لە کۆمەڵگادا ڕووندەکاتەوە، کە دیاردەیەکە لەناو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا هەیە، لەبەرئەوەی هەموو کۆمەڵگایەك لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێکهاتووە لە چەندین چین و توێژی کۆمەڵایەتی و تاکەکانی بەگشتی بریتین لە ژن و پیاو و تەمەنی جیاواز و کەسی ڕۆشنبیر و جوتیار و نەخوێندەوار و ...تد، هەر یەکێکیش لەمانە زمانێکی تاڕادەیەك جیاوازیان هەیە، کە بە وشە و زاراوە تایبەتەکانیان دەناسرێنەوە. لێکۆڵینەوەکە ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم)ی وەکو نموونە وەرگرتووە تاوەکو بزانێ ئایا جۆراوجۆری زمانی لە زمانی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەدا بەرجەستە بووە؟ ئایا لەناو ڕۆمانەکەدا ژن وەکو ژن و پیاو وەکو پیاو و منداڵ وەکو منداڵ و ڕۆشنبیر وەکو ڕۆشنبیر قسەیکردووە لەڕووی زمانەوە؟ ئایا جیاوازیی پیشە و پێگەی کۆمەڵایەتی و باری ڕۆشنبیری و ...تد کاریکردۆتە سەر زمانی کەسایەتییەکان؟ یاخود هەموویان بەیەك ڕیتم و شێواز و زمان قسەدەکەن. لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا پەیوەندیی نێوان زمان

و کۆمەڵ ڕوونکراوەتەوە، لەگەڵ خستنەڕووی پەیوەندیی زمان بەچەند دیاردەیەکەوە، لە بەشی دووەمدا ئەم لایەنە بەسەر زمانی ڕۆمانەکەدا پراکتیزەکراوە.

**وشە سەرەکییەکان**: جۆراوجۆری زمانی، کۆزمانەوانی، کۆمەڵگای نموونەیی، شێوازی دەربڕین.

## پێشەکی:

- **ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:** بریتییە لە (جۆراوجۆری زمانی لە ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم)ی فەرهاد پیربالدا)، کە تێیدا باس لە زمانی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە کراوە بەپێی بار و پیشە و ڕەگەز و تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتییان.

- **سنوور و بواری لێکۆڵینەوەکە**: سنووری لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم) ی فەرهاد پیربالْ، هەروەها لێکۆڵینەوەکە دەچێتە بواری (کۆزمانەوانی)یەوە، چونکە جۆراوجۆری زمانی یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی،

**پرسیاری لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، کە ئایا جۆراوجۆری زمانیی لە زمانی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەدا بەرجەستە بووە؟ ئایا لەناو ڕۆمانەکەدا ژن وەکو ژن و پیاو وەکو پیاو و منداڵ وەکو منداڵ و ڕۆشنبیر وەکو ڕۆشنبیر قسەیکردووە لەڕووی زمانەوە؟ ئایا جیاوازی پیشە و پێگەی کۆمەڵایەتی و باری ڕۆشنبیری و ...تد کاریکردۆتە سەر زمانی کەسایەتییەکان؟ یاخود هەموویان بەیەك ڕیتم و شێواز و زمان قسەدەکەن.

- **ڕێبازی لێکۆڵینەوە:** لێکۆڵینەوەکە بەپێی ڕێبازی (وەسفی - شیکاری) ئەنجامدراوە.

- **ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکە وێڕای ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ لایەنی تیۆری، کە تیایدا پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ ڕوونکراوەتەوە لەگەڵ کاریگەری هەریەك لە زمان و کۆمەڵگا لەسەر یەکتری، دواتر چەمکی جۆراوجۆری زمانی ڕوونکراوەتەوە، لەگەڵ هۆکارەکانی هاتنەئارای جۆراوجۆری، پاشان پەیوەندیی زمان بە چەند بار و دیاردەی کۆمەڵایەتییەوە ڕوونکراوەتەوە، وەك: زمان و ڕەگەز، زمان و تەمەن، زمان و پیشە، زمان و شێواز، ... تد. لە بەشی دووەمدا هەموو ئەو پەیوەندی و کاریگەرییانە بەسەر زمانی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەدا پراکتیزەکراون، پاشان چەند ئەنجامێك خراونەتەڕوو لەگەڵ لیستێکی سەرچاوەی بەکارهاتوو.

## ١- بەشی یەکەم: پەیوەندیی زمان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان:

**١/١. سەرەتا:** زۆربەی هەرەزۆری ئەو پێناسانەی لەلایەن لێکۆڵەرانەوە سەبارەت بە زمان خراونەتەڕوو، بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکەن.

بابەتی سەرەتای سەرهەڵدان و دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بابەتێکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەم لێکۆڵینەوەیە جێگای نابێتەوە، بەڵام پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت، کە هەر لەو کاتەی لە هەر شوێنێك دوو مرۆڤ بەیەکەوە کۆبوونەتەوە، ئەوا پێویستییان بە هۆکارێك بووە بۆ لەیەکترگەیشتن، کەواتە هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤ (کاتێك کۆمەڵێك مرۆڤ لە ئەشکەوتێك ژیاون) پێویستییان بەزمان هەبووە بۆئەوەی لەیەکتری تێبگەن، ئەمەش بەڕوونی لە بەشی دووەمی پێناسەکەی (بارك و تراگەر) دا هەستی پێدەکرێت، کە دەڵێ: ((زمان بریتییە لە چەند ڕەمزێکی لەخۆوە کە بەهۆیەوە کۆمەڵ دەتوانێ هەرەوەزی بکات)) (فتاح، ٢٠١١، ١١).

دوای گەشەسەندن و پێشکەوتنی مرۆڤ و دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، هەر یەکێك لە کۆمەڵگاکان بەسەر چەند پێکهاتەیەك دابەشبوون، وەك (خوێندەوار و نەخوێندەوار، لادێیی و شارستانی، ...تد) هەروەها کۆمەڵێك پیشەی جیاوازی وەك (مامۆستا، دکتۆر، فیتەری، ... تد) دروستبوون. هەروەها بوونی دوو ڕەگەزی جیاوازی (نێر و مێ) یەکێکی ترە، کە کاریگەریی خۆی هەیە لەم بوارەدا، (جیاوازی یان هەمەچەشنی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی زۆر ڕوونە و هیچ کۆمەڵێ لێی بەدەر نییە، زۆر شتیش هەیە کە ئاماژە بۆ ئەو جیاوازییە دەکات، هەندێکیان پەیوەندییان بە نەژاد و ڕەچەڵەك و هەندێکی تریان بە سامان، یان ڕوخساری دەرەوە لە جلوبەرگ ... هەندێکی تریان پەیوەندییان بە پیشە یان تەمەن یان ڕەگەز یان ئاین یان ... تد هەیە) (خەرما،

٢٠١٣، ٢٩٥). هەر چین و توێژێکیش لەوانەی، کە لە پێشەوە باسکران شێوازی قسەکردنی تایبەت بەخۆیان هەیە و بەشێوەیەك لە شێوەکان لە ئەوانی تر جیایدەکاتەوە، چونکە زمان (هەویەی کۆمەڵایەتی قسەکەر دیاریدەکات) (فتاح، ٢٠١٠، ١٣٧). لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە دەچێتە چوارچێوەی زانستێك پێیدەوترێت کۆزمانەوانی (زمانەوانی کۆمەڵایەتی).

**٢/١. کۆزمانەوانی (زمانەوانی کۆمەڵایەتی):**

لە کوردیدا لە بەرامبەر (علم اللغة الاجتماعي – Sociolinguistic) دا زاراوەی (کۆزمانەوانی) یان زمانەوانی کۆمەڵایەتی بۆ بەکارهاتووە. کۆزمانەوانی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە هەردوو زانستی کۆمەڵناسی و زمانەوانییەوە هەیە، ئەوەی یەکەمیان لە سەرەتادا لەلایەن (دۆرکایم)ەوە وەکو زانستێکی سەربەخۆ دەرکەوت، دووەمیشیان بەهەمان شێوە لەلایەن سۆسێرەوە وەك زانستێکی سەربەخۆ بەتایبەت زمانەوانیی نوێ ناسێنرا، چونکە هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی پێش سۆسێر، کە لەبارەی زمانەوە ئەنجامدراون بەگشتی لەبارەی سیستمەکانی ناو زمانەوە بوون، بەڵام سۆسێر ئەم ڕێڕەوەی گۆڕی و زیاتر گرنگی بە پەیوەندییەکانی زمان دا بەدەرەوەی خۆی، لەوانەش پەیوەندیی زمان بە کۆمەڵناسییەوە یان بە (کۆمەڵ)ەوە، بەم پێیە هەردوو زانستی (کۆمەڵناسی و زمانەوانی) لەسەر دەستی ئەم دوو زانایە گەیشتنە لووتکە. (موحسین، ٢٠٠٨، ١١٣).

هەوڵەکانی سۆسێر کاریگەریی زۆریان هەبوو لەسەر دەرخستنی پەیوەندیی بەتینی نێوان هەردوو زانستی زمانەوانی و کۆمەڵناسیدا. هەر لەو سەردەمەشدا، زانستەکان بەگشتی بەرەو تایبەتیەتی و تایبەتیەتی ورد دەڕۆیشتن، بۆیە ویستی سەرهەڵدانی لقێکی گرنگی زمانەوانی کە بریتی بوو لە (کۆزمانەوانی) چەکەرەی کرد ، سەرەتای ئەمەش لە کارەکانی (مالینۆفسکی و

فێرث) دا لەساڵەکانی بیست و سییەکانەوە سەریهەڵدا. زمان لە ڕوانگەی ئەمانەوە بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕەوشتێ لە نێوان سەدان ڕەوشت، کە لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدان بەپێی باری کۆمەڵایەتی) (فتاح، ٢٠١٠، ١٣٦) دوای ئەمانە زۆر لە لێکۆڵەران و زانایان ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە بەستانەوەی زمان بە دیاردەکانی دەرەوەی خۆی، هەروەها پەیوەندیی زمانەوانی بە زانستەکانی ترەوە، لەوانە (ساپیر) یەکێك بوو لەو لێکۆڵەرانە، کە داوای ئەوەی دەکرد زمانەوانی بە زانستەکانی ترەوە گرێبدرێت، هەروەها (بایك) لە ئەمەریکا لە کارەکانیدا هەوڵێکی زۆری داوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان ڕێزمان و باری کۆمەڵایەتی قسەکەرانەوە (حەمەغەریب، ٢٠١٧، ١٦).

بەمەش دەتوانین بڵێین کۆزمانەوانی لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا گەشەکردن و نەشونمای، کاری تەنیا کەسێك نەبووە یان کاری تەنیا لێکۆڵەرێك نەبووە، بەڵکو کارێکی دەستەجەمعییە و بەرهەم و هەوڵ و ماندووبوونی کۆمەڵێك لێکۆڵەرە لە ماوەیەکی تاڕادەیەك درێژی مێژوویدا، کە سەرەتاکەی لە کارەکانی (مالینۆفسکی و فێرثەوە) دەستپیدەکات و دواتر بە هەوڵەکانی (سۆسێر و فندریس و هالیدای و یسبرسن و هاریس و ... تد) دەگاتە مەنزڵ و شوێنپێی خۆی قایم دەکات وەك زانستێك بەتەواوی جێگیر دەبێت (نهر، ١٩٨٨، ٢٣).

کۆزمانەوانی وەکو لقێکی گرنگی زمانەوانی پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا لەڕووی زمانییەوە لێکدەداتەوە، لەگەڵ بەیەکەوەگرێدانی پەیوەندییە کۆمەڵناسی و زمانییەکان (موحسین، ٢٠٠٨، ١١٢). یاخود کۆزمانەوانی لێکۆڵینەوەی زمانە لەو لایەنانەی پەیوەندییان بە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە (سعید، ٢٠١١، ٢٠).

**١/٢/١. سنووری کۆزمانەوانی:** بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوە زمانییەکان دوو ئاراستەی سەرەکی وەردەگرن، یەکەمیان بریتییە لەو ڕێگا و یاسایانەی کە لە ناوەوەی زماندا بەکاردەهێنرێت بۆ لێکدانەوە و ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دەنگەکانی زمان و ناوەرۆکی وشە و تا دەگاتە ئەو واتایەی کە دروستی دەکەن، دووەمیان بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەو لایەنەی، کە پەیوەندی بە ئەرکی زمان لە کۆمەڵگادا هەیە، واتە پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ و کاریگەری هەریەکێکیان لەسەر ئەوی تردا (برزو ، ٢٠١١، ١٩-٢٠). کە ئەوەی دووەمیان بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە.

بەشێوەیەکی گشتی کۆزمانەوانی لە تەواوی ئەو پەیوەندییانە دەکۆڵێتەوە، کە لەنێوان زمان و کۆمەڵدا هەن وەك: ڕۆڵی زمان لە کۆمەڵ و کاریگەری لایەنی ژیانی کۆمەلایەتی خەڵك لەسەر زمان، هەستی قسەپێکەرانی زمانێك بەرامبەر بە زمانێکی تر، هەستیان بەرامبەر هەمان زمان، تێڕوانینیان بەرامبەر پایەی کۆمەلایەتی ئاخێوەرانی زمانەکەیان یان زمانەکانی تر... تد، لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی بازدانی زمانی لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر یان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر و چەندین بابەتی تر (فتاح، ٢٠١٠، ١٣٩-١٤٣). هەروەها لێکۆڵینەوە لە دابەشکردن و کێشە و پۆلینکردنی دیالێکتە جوگرافییەکان و دیالێکتە کۆمەلایەتییەکان و کۆمەڵگای دووزمانی و ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە چین و توێژەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، وەك ڕەگەز، تەمەن، پیشە، بنەچەی ئیتنی... تد (سعید، ٢٠١١، ٢٠). هەموو ئەمانەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کۆزمانەوانی پێیوایە جیاوازی لە نێوان کۆمەڵەکان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروستبوونی جیاوازی لە نێوان زمانەکاندا، لە بەرامبەریشدا پەیدابوونی جۆراوجۆری و هەمەچەشنی لە زماندا دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری کۆمەلایەتی (شەمس، ٢٠٠٦، ٢٤).

**٣/١. پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵگا:** پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان زمان و کۆمەڵگادا هەیە، بەجۆرێك کە هەریەکێکیان کاریگەری تەواوی لەسەر ئەویتردا هەیە، لە خوارەوەدا هەوڵدەدەین پەیوەندییەکان دەستنیشان بکەین:

١-محمد معروف پێیوایە زمان هەویەی کۆمەڵایەتی قسەکەر دیاری دەکات (فتاح، ٢٠١٠، ١٣٧). واتە ئێمە لەڕێگەی زمان یان قسەکردنەوە دەتوانین ناسنامە و کەسێتی قسەکەر ئاشکرا بکەین، لەڕووی ئەوەی، کە سەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتییە و باری دەروونی چۆنە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی چییە و لە چ تەمەنێکدایە؟ دەتوانرێت ئەمانە هەمووی لە ڕێگەی زمانەوە ئاشکرا بکرێن.

٢-زمان بەشدارییەکی کارا لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات، چونکە یەکێك لە داهێنانە هەرە گەورەکانی مرۆڤ بریتییە لە زمان، هەر بەهۆی زمانیشەوە لە گیاندارەکانی تر جیادەکرێتەوە و بەهۆی زمانیشەوە توانیویەتی دەسەڵاتی بەسەر جیهان و دەوروبەری خۆیدا هەبێت. هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاش لەڕێگەی زمانەوە بیرورا دەگۆڕنەوە و لەیەکتری تێدەگەن (برزو و عەزیز، ٢٠١٩، ٤).

٣-دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی تاك لەناو کۆمەڵگادا بەهۆی زمانەوە پارێزراو دەبن و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە، بەمەش زمان ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە پاراستنی ئەو دابونەریتانە و هێشتنەوە و بە زیندوو ڕاگرتنیان (حەمەغەریب، ٢٠١٧، ٩).

٤- پەیوەست بە پەیوەندیی نێوان زمان و کلتوور، ساپیر پێیوایە زمان فاکتەرێکی گرنگ و کاریگەرە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەم بارەیەوە پێیوایە، کە بونیادی زمان ئەو چوارچێوە و ڕێگایە دەستنیشان دەکات، کە ئایا قسەکەری زمان چ جۆرە تێڕوانین و وێناکردنێکی هەیە بەرامبەر جیهانی

دەوروبەر (سلیم، ٢٠١٠، ١١-١٢). هەروەها لە ڕێگەی زمانەوە کلتوور و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە (هدسن، ١٩٨٧، ١٧٦).

٥-هەر کۆمەڵگایەك دەشێت بەهۆی چەند تایبەتمەندییەکەوە لە کۆمەڵگایەکی تر جیابکرێتەوە، واتە کۆمەڵێك شتی هاوبەش هەن دەتوانن کۆمەڵگا بخەنە ناو بازنەیەك و سنووری بۆ دابنێن و لە ئەوانی تری جیابکەنەوە، یەکێك لەو هۆکار و تایبەتمەندییانەش بریتییە لە زمان، بەمەش زمان لە توانایدا هەیە، کە ( یەکێتی کۆمەڵایەتی پێکبهێنێت و بە گرنگترین بنەمای کۆمەڵایەتی دادەنرێت (عارف، ٢٠١٢، ٥). لە بارەی پەیوەندیی نێوان بونیادی زمان و کۆمەڵگادا ((ئەنتوان مییە پێیوایە پێویستە لەگەڵ دیاریکردنی بنیادی هەر کۆمەڵگایەك بنیادە زمانییەکەشی دیاری بکرێت)) (محمد، ٢٠٠٩، ٩). بەمەش پەیوەندیی نێوان هەردوو بنیادەکە ڕووندەبێتەوە، بە شێوەیەك، کە هەرگۆڕانێك لە بنیادە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە گۆڕان لە بنیادی زماندا.

٦- بۆ گوزارشتکردن لە بۆنە و بوارە جیاوازەکاندا کۆمەڵگا داوای دەربڕین و بەکارهێنانی جیاواز دەکات، لەم بارەشدا زمان دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵگاوە، چونکە دەبێت داواکاریەکانی بۆ جێبەجێ بکات، جۆراوجۆری و هەمەچەشنیی زمانیش بەپێی هەر بار و بۆنەیەکی کۆمەڵایەتییەوە دێتە ئاراوە (برزو و عەزیز، ٢٠١٩، ٥).

**٤/١. جۆراوجۆری زمانی:** لە کوردیدا زاراوەی (هەمەجۆری و هەمەچەشنی)یشی بۆ بەکاردێت. کۆمەڵگاکان بەگشتی دابەشدەبن بۆ سەر چەند چین و توێژ و گرووپ و ... تد، هەریەکێك لەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییانە زمانێکی تاڕاددەیەك جیاواز بەکاردەهێنن، کە دەکرێت بەهۆی ئەو زمانەوە بناسرێنەوە، واتە هەریەك لەمانە کۆمەڵگایەکی زمانی دروستدەکات

و لە هەریەك لەو کۆمەڵگا زمانییانەدا جۆراوجۆری زمانی هەستی پێدەکرێت، گوتن یان شێوازی قسەکردنی ئەندامانی کۆمەڵگاکە بەپێی شوێنی جوگرافی و تەمەن و ڕەگەز و کار و پیشە و چین و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت (سعید، ٢٠١١، ٢٤٣).

سەبارەت بە ناساندنی جۆراوجۆری زمانی و ئەو چەمکانەی دەکەونە ناو سنووری ئەو بابەتەوە، زمانەوانان پێناسەی زۆریان بۆ کردووە، لەوانە ( وشەی جۆراوجۆری زمانی یان جۆراوجۆری ئاخاوتن هەر شێوازێکی جیاوازی ئاخاوتن دەگرێتەوە، کە لەلایەن ئاخێوەرێکەوە یاخود گرووپێکی ئاخێوەرانەوە بەکاردێت) (شەریف، ٢٠١٠، ٩).

وەکو گوتمان کۆمەڵگاکان لە کۆمەڵێك چین و توێژی کۆمەڵایەتی جیاواز پیکهاتوون، کە هەر یەکێکیان ئاخاوتنی جیاوازیان هەیە، ئەم جیاوازییانەش (زمان بە کۆمەڵە هۆکارێکی وەك: کۆمەڵگا، نەتەوە، چینی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز، تەمەن، پیشە و چەندین هۆکاری تر دەبەستێتەوە) (حەمەغەریب، ٢٠١٧، ٥٠). هەروەها ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان جۆراوجۆری زمانی و ڕۆڵ و ئەرکەکەی لە دەستنیشانکردنی کۆمەڵێکی زمانی و پەیوەندی لەگەڵ قسەپێکەرانی و ئاخێوەرانیدا ئەرکی زمانەوانی کۆمەڵایەتییە (هلبش، ٢٠٠٧، ٣٦٦).

**١/٥. بەکارهێنانی زمان لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا:**

وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد جیاوازی و جۆراوجۆری لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دیاردەیەکی ڕوونە و هیچ کۆمەڵگایەك لێی بەدەرنییە، ئەم جیاوازییانەش پەیوەندییان بە چەندین دیاردەوە هەیە، لەوانە ( جلوبەرگ، هەڵسوکەوت، سامان و پایەی پیشەیی، ڕەگەز، ئاین ... تد ) (خەرما، ١٩٨٧، ٢٩٥). لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان زمان و کۆمەڵگادا هەیە، بۆیە

ئەم جیاوازییانەش پەیوەندییەکی بەتینیان لەگەڵ زماندا دەبێت، بەشێوەیەك، کە زمانی ئاخاوتنی هەریەك لەم گرووپانە جیاوازە لەگەڵ ئەوی تر.

کۆزمانەوانی لە دوولایەن یاخود بە دوو ئاراستە لە زمان دەکۆڵێتەوە، ئەوانیش بریتین لە لایەنی ئاسۆیی و ستوونی. نموونە بۆ لایەنی ئاسۆیی بریتییە لەوەی دوو دەوروبەر و جوگرافیای جیاواز کاردەکەنە سەر دوو زاری زمانێك و لایەنە جیاوازەکانیان زەقتر دەکەنەوە، لایەنە ئاسۆییەکەش بۆ نموونە بابەتی جیاوازیی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵەیەکی زمانی وەك زمانی چینی دەوڵەمەند و هەژار و ڕۆشنبیر و ژن و پیاو و هەرزەکار و منداڵ و ... تد دەگرێتەوە لەم لایەنەوە پەسنی ئەم بابەتە دەکات (موحسین، ٢٠٠٨، ١١٤).

هەروەها پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت، کە ئەم دیاردە و بوارە کۆمەڵایەتییانە لەسەرێکی ترەوە دەبن بە هۆکاری دروستکردنی گۆڕانکاری لە زماندا، چونکە وەکو ئاشکرایە دوو کۆمەڵە هۆکار دەبنە هۆی گۆڕانی زمان بەگشتی، یەکەمیان هۆکارە زمانییەکانن، کە دەکەونە چوارچێوەی گۆڕانی ناوەکی ( Internal ehangel)، کە ئاستەکانی زمان ( دەنگ، ڕێزمان، ... تد ) دەگرێتەوە، دووەمیشیان هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان (نازمانی)یەکانن، کە ئەویش لە چوارچێوەی گۆڕانی دەرەکی پۆلین دەکرێت، هۆکارەکانی وەك تەمەن، ڕەگەز، پیشە، چین و توێژی کۆمەڵگا، ... تد دەگرێتەوە (برزو و عەزیز، ٢٠١٩، ٧). دەستە هۆکاری دووەم (نازمانییەکان- کۆمەڵایەتییەکان) بابەت و باسی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بۆیە هەوڵدەدەین یەکەیەکە باسیان بکەین و پەیوەندیی زمان لەگەڵ بوار و پێکهاتە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوونبکەینەوە، بۆ ئەوەی بزانین ئەو پێکهاتە و بوارانە چ بەرکەوتنێکیان لەگەڵ زماندا هەیە و شێواز و ئاخاوتنی هەریەك لەم گرووپانە ڕوونبکەینەوە.

**٦/١. زمان و بوار و بۆنە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان:** بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی ئاخاوتنی گرووپێکی کۆمەڵایەتی و دەرخستنی جیاوازییەکانیان لەڕووی ئاخاوتنەوە، زانستەکان هاوکاری یەکتری دەکەن، بۆنموونە لەم بوارەدا کۆزمانەوانی و دەروونزانی و کۆمەڵناسی بەشداری دەکەن (خەرما، ١٩٧٨، ٢٩٧).

**١/٦/١. زمان و ڕەگەز:** دەشێت پەیوەندیی نێوان زمان و ڕەگەز بە دوو شێوە لێکبدرێتەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە لە هەندێك زماندا ڕەگەزی نێر و مێ لەیەکتر جیاکراونەتەوە، بەوەی کە ئەو مۆرفیمانەی بۆ قسەکردن لەگەڵ ڕەگەزی مێدا بەکاردێن جیاوازن لەوەی بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێن (لەو زمانە کوردییەی کە ئێستا وەك ستاندارد خۆی چەسپاندووە) ئەم جیاوازییە نەماوە. ئەوەی تریشیان بریتییە لە جیاوازی شێوازی قسەکردنی هەردوو ڕەگەز، کە هەریەکەیان شێوەیەکی تایبەت بەخۆیان هەیە و پێی دەناسرێنەوە. لەهەر کۆمەڵگایەکدا تا تێکەڵاوی نێوان ئەم دوو ڕەگەزە زیاتر بێت ئەوا جیاوازییەکان کەمتر دەبنەوە، پێچەوانەکەشی ڕاستە (الوافي، ٢٠٠٧، ٢١٣). بوونی جیاوازی لەشێوازی قسەکردن لە نێوان ژنان و پیاواندا دیاردەیەکە کەم و زۆر لە هەموو زمانەکاندا بوونی هەیە، بەڵام جیاوازییەکان ڕێژەیین و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازن (حەمەغەریب، ٢٠١٧، ٥٦). زۆر دەربڕین هەیە لە زماندا تایبەتە بە یەکێك لەم دوو ڕەگەزە و ڕەگەزەکەی تر بەکاری ناهێنێ چونکە کۆمەڵگا ڕێگای پێنادات و وەك دیاردەیەکی نامۆ سەیری دەکات ( شەمس، ٢٠٠٦، ٤٣).

لە کوردیدا کۆمەڵێك دەستەواژە هەن تایبەتن بە ژنان، ئەوان زیاتر لە ئاخاوتنەکانیاندا بەکاریدەهێنن وەك ( ئەیەڕۆ، جەرگت نەسووتێ، بەسەری کاکم، کۆرەبم، وەشێرە...تد)، بەهەمان شێوە کۆمەڵێك دەستەواژە و دەربڕینی

تریش هەن زیاتر تایبەتن بە پیاوان، وەك: ( بەشەرەفم، ئەو مووە لە پیاوان نەهاتبێ ئەگەر... ، بەناموسم ... تد)

هەر لەبارەی بوونی جیاوازی لە زمانی ژنان و پیاواندا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە لە کاتی قسەکردندا ژنان دەنگیان تیژترە و تەبەقەی زیاتری تێدا لە هی پیاوان، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری بایۆلۆژی، هەروەها ژنان بەشێوەیەکی ڕوونتر و وردتر قسەدەکەن لەپیاوان (خەرما، ١٩٧٨، ٣٠٨).وەك ئاماژەمان پێکرد شێوەی قسەکردنی هەر یەکێك لە ڕەگەزی نێر و مێ کۆمەڵێك وشە و دەستەواژە و دەربڕینی لەخۆگرتووە، کە جیاوازە لە ئەوی تر، ئەم جیاوازییە بەگشتی لە زۆربەی بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدیدەکرێت، بۆ نموونە:

أ-بۆنەی پرسە: پیاوان لەکاتی پرسەگێڕاندا زیاتر ئەم دەستەواژانە بەکاردەهێنن (خودا عەفووی بکا، هاوبەشی خەمتانین، دوا ناخۆشیتان بێت، بۆخۆتان خۆشبن ...تد) ژنانیش لە هەمان بۆنەدا بەم شێوەیە قسەدەکەن ( چاوم کوێربێ، بریا من بوومایە، جەرگی پوورت کونکونبی، ... تد) ئەم شێوازە لەناو ژنانی بەساڵاچوودا زیاتر هەستی پێدەکرێت.

ب- بۆنەی منداڵبوون:

– پیاوان: تەمەن درێژبی، ئیشاڵلا منداڵێکی ساڵح دەبی، ... تد.

– ژنان: بەنازی دایك و باوکی گەورەبێت، حەیرانی، بێ چاوێنی بی... تد.

ج-بۆنەی میوانداری:

– پیاوان: ڕێزتان هەیە، بەخێربین سەرچاوان ... تد.

– ژنان: چاومان ڕوونبووەوە، ئەوە چ شتێك ڕوویداوە... تد.

هەروەها لە کۆمەڵێك بۆنە و بواری کۆمەڵایەتیی تردا ئەم جیاوازییانە بەدیدەکرێن (برزو و عەزیز، ٢٠١٩، ١٠). وەك ژن و ژنخوازی و بووك گواستنەوە ...تد.

هەندێك جار ئەم جیاوازییانە بەپێی تەمەن و باری ڕۆشنبیری و ... تد دەگۆڕێن (گەر سەرنجی شێوازی ئاخاوتنی کەسێکی تەمەن (٧٠) ساڵ بەرەوژوور بدرێت (بەتایبەتی نەخوێندەوارەکان)، هەندێ زاراوە و دەربڕین دەبیسترێ کە لەلای گەنجێکی تەمەن (٢٠) ساڵیی هەمان ڕەگەز نابیسترێتەوە) (شەمس، ٢٠٠٦، ٤١). واتە جیاوازییەکان لە هەمان کاتدا پەیوەندییان بە کۆمەڵێك دیاردەوە هەیە و هەر دیاردە و لە هەڵوێستێکدا کاریگەری زیاترە، بۆ نموونە مەرج نییە ژنێکی تەمەن (٧٠) ساڵی هەمان ئەو دەستەواژانە بەکاربهێنێت کە کچێکی تەمەن (١٥) ساڵی بەکاریدەهێنێت، واتە پەیوەندییەکان تێکچڕژاونەتە ناو یەکتری.

**٢/٦/١. زمان و تەمەن:** زمانی مرۆڤ بەپێی گەشەسەندنی قۆناغەکانی تەمەن دەگۆڕێت (هەموو کەس هەست بەوە دەکات، کە هەرە پیرەکان وەکو هەرە گەنجەکان قسە ناکەن و بۆشاییەکی زمانی لەنێوان نەوەکاندا هەیە) ( فتاح، ٢٠١١، ١٠٧)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە کاتێك لەڕووی تەمەنەوە مرۆڤ گەشەدەکات و گۆڕانی بەسەردادێت، بەهەمان شێوە زمانەکەشی گەشەدەکات و گۆڕانی بەسەردا دێت، هەر قۆناغێکیش لەو قۆناغانەی تەمەن شێوازێکی تایبەتی هەیە لە ئاخاوتندا، چونکە (زمان لەگەڵ تەمەنی تاکدا پەرەدەسێنێ، بۆ هەموو ئەو تەمەنانە تایبەتێتی زمانیی وا هەیە لەوانی تر جیای دەکاتەوە کە هەموو کەسێك لە کاتی گەشەکردنی لە منداڵییەوە تا دەگاتە گەشەی تەواو پێیدا تێپەڕدەبێت) (خەرما، ١٩٧٨، ٣٠٧). دەشێت لەم ڕووەوە لایەنی بایۆلۆجی یان جەستەیی کاریگەری هەبێت، چونکە منداڵ (لە هەوڵداندایە بۆ لاساییکردنەوەی جووڵە بە بیرکردنەوە بەشێوەیەك کە دەرەنجام دیالێکتێکی تایبەتی بۆ دروستدەبێت) (خۆشناو، ٢٠١٣، ٤٦).

ئەم پەیوەندییەش بە هەمان شێوەی پەیوەندیی نێوان زمان و ڕەگەز لەناو کۆمەڵگا داخراوەکاندا زیاتر هەستی پێدەکرێت وەك لەوەی لەناو کۆمەڵگا کراوەکاندا. تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەکیش بەوردی پەیڕەوی ئەو یاسا کۆمەڵایەتییانە دەکەن کە کۆمەڵگا پابەندیان دەکات و لادان لێی دەبێتە مایەی دروستکردنی گرفت بۆ تاکەکە، بۆیە دەبینین منداڵ وەکو منداڵ و هەرزەکار وەك هەرزەکار و پیر وەکو پیر قسە دەکەن. ئەگەر کۆمەڵگای کوردی وەکو نموونە وەربگرین دەبینین تاکەکانی بەوردی بایەخ بە تەمەنی خۆی و بەرامبەرەکەی دەدات لەکاتی گفتوگۆکردندا و تەمەنە جیاوازەکان بەهەند هەڵدەگرێت (حوسێن، ٢٠١٠، ٣٥). بەمەش ئەگەر یەکێك ئەو دەستوورانە فەرامۆش بکات کە کۆمەڵگای کوردی دایناون بۆ گفتوگۆکردن لە نێوان تەمەنە جیاوازەکاندا، ئەوا ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە ( وەك ئەوەی پیاوێکی تەمەن چل ساڵ، وەك گەنجێکی هەرزەکار قسە بکات، یان گەنجێکی هەرزەکار وەك ... منداڵێکی تەمەن حەوت ساڵ قسە بکات ) (خەرما، ١٩٧٨، ٣٠٧ ). بۆ نموونە کۆمەڵێك پیاوی بەتەمەن لە گفتوگۆکانیاندا زاراوەی (OK) بەکاربهێنن، یان کۆمەڵێك منداڵ لەکاتی چاکوچۆنیدا دەستەواژەی (خوا عەفوت بکات) بەکاربهێنن، ئەوا لەناو کۆمەڵگادا ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبنەوە.

**٣/٦/١. زمان و پیشە:** پیشە چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە و تاکەکانی کۆمەڵگا ئەنجامی دەدەن و پشت بەو زانیاری و پسپۆرییە دەبەستن، کە هەیانە لەبارەی پیشەکانیانەوە. وەك هەموو دیاردەکانی تر پیشەش کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە هەیە، کە سەر بە پیشەیەکی دیاریکراون، واتە بەهۆی زمان و شێوازی قسەکردنیان دەتوانرێت لە گرووپێکی تر یان پیشەیێکی تر جیابکرێنەوە.

هەر کار و پیشەیەك زمانێکی تایبەتی هەیە و تا ڕادەیەك جیاوازە لە پیشەیەکی تر لە ڕووی بەکارهێنانی زاراوەی تایبەت بەو پیشە دیاریکراوە، بۆ

نموونە ئەو زمانەی یان ئەو شێوازەی لە بواری سەربازیدا بەکاردەهێنرێت جیاوازە لەو زمانەی یان شێوازەی لە بواری پیشەی مامۆستایەتیدا بەکاردەهێنرێت، ئەوەی یەکەمیان لەبەرئەوەی بوارێکی تا ڕادەیەك توند و تیژە بۆیە شێوەی قسەکردنەکەشی بە توندی دەبێت و جیاوازە لەگەڵ ئەو زمانەی لە بواری دووەم بەکاردەهێنرێت، کە مامۆستایەتییە و سەروکاری لەگەڵ نەرمی و نیانی و پەروەردەوە هەیە، بۆیە دەبینین شێوازی قسەکردنەکەشی نەرم و نیان دەبێت. هەربۆیە ناکرێت ئەو دوو شێوازە یان زمانەی لەم دوو بوارەدا بەکاردەهێنرێن هەمان زمان و شێواز بن (حەمەڕەشید، ٢٠١٣، ٢٦٧). مەبەستیش لەو جیاوازییە زمانییەی نێوان دوو پیشەکە جیاوازی بابەتەکانی ئاخاوتنیان نییە، بەڵکو جیاوازییەکە لە شێوازی دەربڕین یان ئەو کەرستە و وشە و زاراوانەدایە کە تایبەتن بە بوارێکی جیاواز یان کێڵگەی پیشەیی هەر یەکێك لەو دووانە ) (موحسین، ٢٠٠٨، ١١٨).

کەواتە دەتوانرێت بە هۆی شێوازی قسەکردن و بەکارهێنانی وشە و زاراوە تایبەتەکانەوە بزانرێت، کە ئەو چ پیشەیەکی هەیە لە کۆمەڵگادا، بۆ نموونە بەهۆی زمانەکەیەوە دەتوانرێت دکتۆرێك و فیتەرێك یان شوانێك و سیاسییەك یان مامۆستایەك و جوتیارێك لەیەکتر جیابکرێنەوە، بەڵام دەبێ تێبینی ئەوە بکەین، کە کاتێك ئەندامانی سەر بە پیشە جیاوازەکان (لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداردەبن، هەندێك جار ئەو جیاوازییانە لەدەستدەدەن و دەبنەوە بە تاکێکی کۆمەڵایەتی و وەکو ئەندامێکی تری کۆمەڵگە قسەدەکەن ) (برزو و عەزیز، ٢٠١٩، ١٦). واتە فیتەرێك لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی وەك پرسەدا هەمان ئەو دەربڕینانە بەکارناهێنێت، کە لەکاتی ئەنجامدانی کاری فیتەری لە ناوچەی پیشەسازیدا بەکاریان دەهێنێت، ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە بابەتی ئاخاوتنەوە هەیە.

**١/٦/٤. زمان و شێواز:** کۆمەڵگاکان دابەش بوونە بۆ سەر چەندین چین و توێژی کۆمەڵایەتی ، کە هەر یەکێکیان لە قسەکردندا شێوازێکی تا ڕاددەیەك جیاواز لەوانیتر بەکاردەهێنن، چونکە پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان زمان و کۆمەڵدا بەدیدەکرێت و (جۆری هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان بەگشتی لە شێوازی قسەکردن و زمانی تاکەکاندا ڕەنگ دەداتەوە) (نهر، ١٩٨٨، ٢٨). بۆ دەستنیشانکردن و پۆلینکردنی شێوازی قسەکردن مارتن جۆز (Martn Joos) بەگشتی شێوازی دابەشکردۆتە سەر پێنج جۆری سەرەکی (١- شێوازی وشك ٢- شێوازی فەرمی ٣- شێوازی ڕاوێژکاری ٤- شێوازی سادە ٥- شێوازی هۆگری ) (خەرما، ١٠٧٨، ٣٠٠). کەواتە زمان بریتییە لە کۆمەڵێك شێوازی جیاجیا، کە هەر یەکێك لەم شێوازانە بۆ هەڵوێستێك یان بارێك بەکاردێت. بەمەش دەکرێت بگوترێت ( شێواز بریتییە لەو زمانە یان شێوە قسەکردنە تایبەتییەی کە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بەهۆیەوە دەتوانرێت لە جۆرەکانی تر یان شێوازەکنی تر جیابکرێتەوە) (مصطفى لطفي، ١٩٧٦ ، ١٩٨).

تاکەکانی کۆمەڵگا هەر یەکەیان بەشێوەك لە شێوەکان سەربە چەندین کۆمەڵە و گرووپی جیاوازن، بۆیە ئاساییە ئەگەر بکەونە ژێرکاریگەری ئەو کۆمەڵە و گرووپانە لەڕووی زمانەوە، بۆنموونە کاتێك لەناو خێزاندا کە کۆمەڵێکی بچووکە شێوازێکی تایبەتی قسەکردن کاریگەری لەسەری هەیە، هەمان کەس لەلایەکی تر تێکەڵاوی لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی تردا هەیە بۆ نموونە لە ڕێگەی پیشەکەی، کەواتە بە جۆرێك لە جۆرەکان جارێکی تر زمانەکەی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو کۆمەڵە خەڵکە، هەروەها هەمان کەس لە سەرێکی ترەوە سەر بە ئاینێکی جیاوازە دیسان جارێکی تر کاریگەر دەبێتەوە بە گرووپێکی تر، جا بەشێوەیەکی گشتی (ئەو زمانە باوەی ئەو کۆمەڵانە کاردەکاتە سەر زمانەکەی یان شێوازە تایبەتییەکەی) (خەرما، ١٠٧٨،

٢٨٩). بەمەش وای لێدەکات کە چەند شێوازێکی تایبەتی قسەکردنی هەبێت و لەگەڵ هەر یەکێك لەم گرووپانە یان لە هەر هەڵوێستێك لەو هەڵوێستانە بەشێوازێکی تایبەت پەیوەندی بکات.

هۆکاری ئاماژەکردن بە شێوازی قسەکردنی خەڵك یان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو کەسانەی سەر بە کۆمەڵەیەکی تایبەتن چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێت شێوازی تایبەتی ئەو کۆمەڵەیە لە قسەکردندا بەکاربهێنن ( فتاح، ٢٠١٠، ٨٨). لادان لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵەکە لەڕووی زمانییەوە بە شێوەیەکی نائاسایی دێتە بەرچاو، کەواتە (شێواز ئەو کۆمەڵە تەکنیکەیە کە ئاخاوتنی کۆمەڵە کەسێك لە ئاخاوتنی کۆمەڵە کەسێکی تر جیادەکاتەوە) (فتاح، ٢٠١٠، ٨٨).

مرۆڤەکان لە هەر هەڵوێستێکی یان بارێکی تایبەتدا شێوازی جیاوازی قسەکردن بەکاردەهێنن، وەك ئەوەی ئەو دەربڕینانەی تاکێك لە دانیشتنێکی گشتی لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەکاریدەهێنێت، جیاوازە لەو دەربڕینانەی لەبەردەم مایکی میدیایەکی فەرمیدا بەکاریان دەهێنێت. بۆ نموونە شێوازی فەرمی و نافەرمی لەکاتی چاکوچۆنی و هەواڵپرسیندا لە نێوان تاکەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت.

- شێوازی فەرمی: ئەم کاتەتان باش، بەڕێزتان چۆنن، ئاساییە پرسیارێك بکەم. بەئەرك نەبی ئەمەم بۆ دەخوێنیتەوە.

- شێوازی نافەرمی: باشن، ها چۆنن، ئەرێ پرسیارێکت هەبوو؟، ها ئەوەم بۆ بخوێنەوە. (برزو و عەزیز، ٢٠١٩، ٩).

**٥/٦/١. زمان و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی:** هەر تاکێك لەناو کۆمەڵگاکەی خۆیدا پلەوپایەیەکی دیاریکراوی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر لەڕووی چینی کۆمەڵایەتییەوە، سەیری کۆمەڵگا بکەین، دەبینین لە سێ چینی ( سەروو،

ناوەڕاست، خواروو ) پێکهاتووە، ئەمە دەکرێت لە پلە و ئەرکی کارکردنیش بەرجەستەبکرێت، وەك لە دەزگایەکی بەڕێوەبرن بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەر و فەرمانبەری ئاسایی و کارگوزار و ... تد هەن، کە هەر یەکێکیان پێگەی خۆیان هەیە، جا هەریەکێك لەو پلەوپایە کۆمەڵایەتییانەش کاریگەری دەبێت لەسەر شێوازی ئاخاوتنی تاکدا، (محمد ڕەزای باتینی پێیوایە خوێندەواری یان نەخوێندەواری دەتوانێ جۆرە زمانێکی تایبەت لە تاکی خوێندەوار و نەخوێندەوار بێنێتە کایەوە ) (موحسین، ٢٠٠٨، ١١٩)، دەکرێ دیوەکەی تری ئەم قسەیە وەربگرین، وەك ئەوەی لە شێوازی ئاخاوتندا دەتوانرێت پلەی خوێندەواری و نەخوێندەواری کەسێك دەسنیشان بکەین. (هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە). بۆ نموونە: ئەگەر هات و کەسێك لە چوارچێوەی ئاخاوتندا وشەکانی ( جوعمە، یفتیدائی، ...تد ) بەکارهێنا ئەوا دەزانرێت کە کەسێکی نەخوێندەوارە.

هەموو ئەوانەی لەسەرەوە باسکران و کۆمەڵێك دیاردەی تری وەك (ئاستی ڕۆشنبیری و شوێنی جوگرافی و نەژاد و زاری کۆمەڵایەتی و ... تد) کاریگەری دیاریکراویان دەبێت لەسەر شێوازی ئاخاوتن، کارتێکردنەکەش دوو لایەنەیە. دەتوانرێت بەهۆی زمانەوە جیاوازی بکرێت لە نێوان توێژەکانی وەك قوتابی زانکۆ و خەڵکی ناو بازاڕ و پیاوی ئاینی و کادیری سیاسی و پزیشکان و مامۆستایان و ژنان و پیاوان و گەنجان و بەتەمەنەکان و ... تد ) (حەمەغەریب، ٢٠١٧، ٦٢ ) .

## ٢- بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆری زمانی لە ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم)دا

**١/٢. دەروازە:** ڕۆمان وەك ژانرێكی ئەدەبی ناوەرۆكەكەی باس لە كۆمەڵێك كێشە و گرفتی كۆمەڵگا دەكات. كارەكتەرەكانی ناو ڕۆمان بەگشتی بریتین لە هەمان ئەو كەسایەتییانەی، كە لەناو واقیعی كۆمەڵگادا بەشێوەیەكی ڕاستەقینە بوونیان هەیە بە هەموو چین و توێژ و تەمەن و ڕەگەز و ...تد . دەتوانین بڵێین ڕۆمان وێنای ژیانی واقعی كۆمەڵگا دەكات، بۆیە پێویستە كارەكتەرەكانیشی هەمان ئەو كەسانە بن، كە لەناو كۆمەڵگادا هەن. بەپێی ئەوەی زمان و شێوەی قسەكردنی خەڵك لەناو كۆمەڵگادا جیاوازە، بۆیە واپێویستە ئەم جیاوازییە لە ئاخاوتنی نێوان كارەكتەرەكانی ناو ڕۆمانیشدا بەرجەستە بكرێت و ڕەنگبداتەوە. واتە واباشترە مامۆستایەك وەك مامۆستا، پزیشك وەك پزیشك و هەرزەكارێك وەك هەرزەكار و جوتیارێك وەك جوتیار ... تد قسەبكەن.

بەوپێیەی ڕۆمان كۆمەڵگایەكی نموونەییە (واتە لاساییكردنەوەی كۆمەڵگای ڕاستەقینەیە و وەك نموونە دروستكراوە) ناكرێت لەوێدا هەموو تاكەكان بەیەك ڕیتم و یەك شێوە گفتوگۆ بكەن، ئەگەر وابێت ناتوانرێت ئەوە بسەلمێنرێت كە ڕۆمان گوزارشت لە كۆمەڵگا دەكات و بریتییە لە كۆمەڵگایەكی نموونەیی، چونكە لە كۆمەڵگادا هەموو ئەوانە هەریەكە و بە شێوازە تایبەتییەكەی خۆی قسەدەكات. لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ئەو پەیوەندییەی كە لە نێوان زمان و دیاردە كۆمەڵایەتییەكاندا هەیە لەسەر كارەكتەرەكانی ناو ڕۆمانی ( حیكایەتەكانی باوكم )ی فەرهاد پیربالّدا پراكتیزە بكەین، بۆ ئەوەی بزانین هەر یەكێك لە كارەكتەرەكان بەزمانی خۆی قسەیكردووە؟ تاوەكو ڕادەی ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆری زمانیمان لەناو هەمان

ڕۆماندا بۆ ڕوونبێتەوە، کە ئایا جۆراوجۆری زمانی لە کۆمەڵگایەکی نموونەیی وەك ( حیکایەتەکانی باوکم)دا هەیە؟

بەشێوەیەکی گشی ڕۆمانەکە باسی هەندێك بابەت و ڕووداوی مێژوویی دەکات لە ساڵانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردوو، کە لە هەولێر ڕوویانداوە، کۆمەڵێك قسەو باسی تێدایە لە نێوان کارەکتەرەکان، کەسایەتییەکان بریتین لە خەڵکی هەمەجۆر و جیاواز لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بۆ نموونە خەڵکی کاسبکار، ڕۆشنبیر، منداڵ، ژن، نووسەر، هونەرمەند، پیاوی ئاینی و ... تد. لەم بەشەدا هەوڵدەدەین بزانین ئەم کارەکتەرانە هەریەکە و بە شێوازی تایبەتی خۆی قسەدەکات، یاخود هەموویان یەك شێوازی قسەکردنیان هەیە؟ چونکە وەکو گوتمان ڕۆمان کۆمەڵگایەکی بچووککراوە و نموونەییە و پێویستە جۆراوجۆری زمانی تێدا بەرجەستەکرابێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدەدەین لایەنی تیۆری ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسەر کارەکتەرەکاندا پراکتیزە بکەین.

٢/٢. جۆراوجۆری زمانی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم)دا:

**١/٢/٢. زمان و ڕەگەز:** ڕەگەز بابەتێکی ترە کە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ زماندا هەیە، بە واتای ئەوەی بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو بارەیەوە ئەنجامدراون، بەهۆی زمانەوە دەتوانرێت ڕەگەزەکان لەیەکتر جیابکرێنەوە، چونکە زمانی ژنان و زمانی پیاوان تا ڕادەیەك لەیەکتر جیاوازن. هەوڵدەدەین بزانین ئەم بارە لە ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم) دا بەرچاو دەکەوێت؟ بۆ ئەم مەبەستە چەند دەقێك وەکو نموونە دەخەینەڕوو:

– زینەت بە خۆشەویستی و سۆزێکی دایکانەوە ڕووی لە خونچە کرد.

– <u>ویش... بۆچی دەبییە محامی؟</u>

– بۆ ئەوەی بەرگری لە مافی فەقیران بکەم.
– خونچە لەو دەمەدا بۆ خۆنواندن... بە نازێکەوە... لێمی پرسی
– بابەتیکەیەکی ناو گۆڤارەکەشت بۆ بخوێنمەوە؟
– زینەتی خێزانم خەنی بوو... ڕووی کردە خونچەو:
– هەی بە قوربانت بم دە بیخوێنەوە دەی. (پیربال، ۲۰۰۷، ۲۲۷-۲۲۸)

لەم دەقەدا ئەوانەی هێڵیان بەژێردا هاتووە ئەوە نیشاندەدەن کە ئاخاوتنەکە هی ڕەگەزی مێیە، چونکە شێوازی قسەکردنی ئافرەت بەم شێوەیەیە، بەتایبەت ئافرەتی نەخوێندەوار واتە دەتوانین بەهۆی زمانەکەوە بزانین کە خاوەنی قسەکە ئافرەتە.

چەند نموونەیەکی تر :

- ئێ ئەدی لوقمانی بەستەزمان؟ (پیربال، ۲۰۰۷، ۲۵۸)

..............

- پیربال لە ڕاهی خوای نەکەی بچییە ناو حیزب و میزبان؟ (پیربال، ۲۰۰۷، ۲۲٦)

..............

- ئەیەڕۆ پیربال ... پۆلیسە! (پیربال، ۲۰۰۷، ۲۷٦)

............

- یاخوا سەرت لە هەشێ نێن پیربال ... لۆ من (پیربال، ۲۰۰۷، ۲۷٦)

...........

- ئەیەڕۆ پیربال مەجیدۆکیشیان لەگەڵە. (پیربال، ۲۰۰۷، ۲۷٦)

..........

- سوێندم بە مەرقەدی کاکی هیرانێ. (پیربال، ۲۰۰۷، ۲۸۷)

.........

- وەیش بە قوربانی بم. (پیربالْ، ٢٠٠٧، ٢٩٦)

...........

- نابی ئەو مەجیدۆکە ئێسکگرانەی لەگەڵتانە بێتە ژووریٚ. (پیربالْ، ٢٠٠٧، ٢٩١)

..........

- وەشێرە. (پیربالْ، ٢٠٠٧، ٢٩١)

..........

- نەچی پیربالْ ... خەونم دیتییە. (پیربالْ، ٢٠٠٧، ٣١٠)

.........

- پیرۆزتان بی ... زەماوەندی فەرهادی تێدا بگێڕن... یاخوا. (پیربالْ، ٢٠٠٧، ٣٢٤)

.........

- ئەیەڕۆ ... یەعنی پیربالْ لەگەڵ مەتیٚ میانەی هەیە؟ (پیربالْ، ٢٠٠٧، ٢٧١)

ئەمانەی سەرەوە هەموویان دەرخەری ئەوەن کە نووسەر جۆراجۆریی زمانی پیڕەوکردووە، چونکە لەڕێگەی زمانەکەوە دەتوانرێت ئەوە بزانرێت کە خاوەنی قسەکان ئافرەتن. بەڵام دەبیٚ تێبینی ئەوە بکەین کە لە چەندین شوێنی ناو ڕۆمانەکەدا وتەیەك کە ئافرەت گوتوویەتی بەڵام هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ ئەوەی بتوانرێت بەهۆیەوە خاوەنەکە بناسرێتەوە کە ئافرەتە، واتە زمانەکە لەگەڵ زمانی پیاواندا جیاوازی نییە، وەك:

- چونکە خەون پەرە بە هەست و بیرۆکەکانی بێداریش دەدا، خەون عەینەن شێرپەنجەیە ڕۆژ بەڕۆژ بیر و هەستەکانی بێداری دەگەشێنێتەوە و پەرەیان پێدەدا. (پیربالْ، ٢٠٠٧، ٢٩٥)

– تۆ لە سەفەر و ڕێگا وازەکانی بەردەم خۆت دەترسیت، ئەم ڕێگا و تووڵەڕێیانە ژیانی تۆن، کەچی تۆ سڵیان لێ دەکەیتەوە. (پیربال، ٢٠٠٧، ٣٣٢)

جگە لەمەش حاڵەتێکی تر هەستی پێدەکرێت لەبارەی جۆراوجۆری زمانییەوە لە ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم)دا پێچەوانەی ئەو تیۆر و بۆچوونانەیە، کە لەبارەی ئەم بابەتەوە نووسراون. ئەویش بریتییە لەوەی کە لە هەندێك شوێندا قسەکە لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە کراوە بەڵام بە زمان و شێوازی مێینەوە، بۆ نموونە:

– عەلی فلێح و حەمەدەمین گەدۆ و ئەحمەدە ڕەشی پاسەوانەکانی شەهابە دەگێڕنەوە و دەڵێن:

– بەڵام حەیفێك و سەد مخابن شەهابە هەتا گەیشتینەوە هەولێر هەر دەپاڕایەوە بۆ ئەوەی ئازادی بکەین وەك کۆترۆکەیەکی بریندار هەر نووزەنووزی بوو. (پیربال، ٢٠٠٧، ٢١١)

– مام موراد دەیگوت نا من ژنم ناوێ

– حاجی پووشۆ دەیگوت

– من حەزدەکەم ئاخرت خێربێت و وجاغت ڕۆشن.

لەم دەقەی سەرەوەدا دەربڕینەکانی ( کۆترۆکەیەکی بریندار، نووزەنووز)، (ئاخرت خێر بێت) ئەمانە شێوازی دەربڕی ئافرەتن، کەچی لە ڕۆمانەکەدا قسەی کاراکتەری پیاون، کەواتە لێرەدا بەهۆی زمانەوە نەك هەر کەسەکە ناناسرێتەوە، بەڵکو دەبێتە هۆی دەستخەڵەتدانیش، بۆیە دەشێت بووترێت نووسەر لێرەدا پەیڕەوی جۆراوجۆری زمانی نەکردووە لە زمانی قسەکردنی کارەکتەرەکاندا.

– وەرە پیربال ئەم ئێوارەیە پێکەوە سەرێکی دیوەخانی مەلافەندی بدەین ... چونکە لەمێژە نەچووینە ئەوێ لای ئەو پیاوە عالمە. (پیربال، ٢٠٠٧، ١٠٧)

ئەم دەقەی سەرەوە ئەوە نیشان دەدات کە لەسەر زمانی پیاوێکەوە وتراوە، دەکرێت لەڕێگەی زمانەکەوە هەست بەوە بکرێت.

٢/٢/٢. زمان و تەمەن: وەکو گوتمان زمان بەپێی تەمەنە جیاوازەکان دەگۆڕێت و هەر قۆناغێکی تەمەن شێوازێکی قسەکردنی تایبەتی هەیە، لە خوارەوە هەندێك نموونە لە گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان دەهێنینەوە بەپێی تەمەنە جیاوازەکان.

- بۆچی خوا خەون ناخاتە مێشکی هەموو کەسێکەوە

- چونکە خوا دەزانێ کێ دەتوانێ بچی خەونەکەی جێبەجێ بکات و کێ ناتوانێ خەونی خۆی جێبەجێ بکات

- یەعنی سەهیۆن ئازابوو، بەڵام عەزە توورگە ترسنۆك بوو؟ (پیربالّ، ٢٠٠٧، ١٠٠-١٠١)

ئەم دەقەی سەرەوە گفتوگۆیەکە لەنێوان کوڕ و باوکێك، باوکەکە پێیوایە کە هەرکەسێك بتوانێ کار بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی بکات و بەڕاستیان بگێڕێ ئەوا کەسێکی بەتوانا و لێزان و عاقڵە، تا ئێرە ئاساییە بەڵام ئەوە لای منداڵەکە واتە لای کوڕەکەی بە شێوەیەکی تر دەبینرێت، ئەویش ئەوەیە کە کوڕەکەی پێیوایە ئەوەی نەتوانێ خەونەکانی بەدیبهێنێت ئەوا کەسێکی ( ترسنۆکە ) و ئەوەی خەونەکانیشی بەدیبهێنی ئەوا کەسێکی (ئازایە)، منداڵەکە بۆ ئەم بابەتە وشەی ترسنۆك و ئازای بەکارهێناوە کە ئەمەش لەو دەوروبەرەدا ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوەی ئەم قسەیەی کردووە لەوانەیە منداڵ بێت یان هەرزەکار بێت. بەمەش دەتوانین لە ڕێگای زمانەکەیەوە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەوەی هێڵی بەژێردا هاتووە قسەی منداڵ یان هەرزەکارێکە.

نموونەیەکی تر:

- ڕووس زاڵم بوون کوردیان خەلاس کرد، نێزەیان پێبوو، ڕمیان پێبوو، تفەنگی (بن بەگڕ) و (کلیلی) و (ڕەشکە)یان پێبوو ... بەڵام خەڵکی ئێمەش زۆریان لەوان کوشت.

- بەڕاست ئێمە ئازاتر بووین یان ئەوان؟ (پیربال، ٢٠٠٧، ١٠٥)

باوکەکە باسی شەڕی نێوان لەشکری ڕووسەکان و خەڵکی ناوچەی ڕەواندوز بۆ کوڕەکەی دەگێڕێتەوە، لەدواییدا کوڕەکە دەپرسێت ئێمە ئازاتر بووین یان ئەوان، ئەم جۆرەش لە پرسیارکردن بەم شێوازە ئەوە دەگەیەنێت کە قسەی کەسێکی هەرزەکارە.

ئنجا باوکەکە زۆر باسی ئەم شەڕەی بۆ دەکات، منداڵەکەش لەناکاو پرسیار لە باوکی دەکات و دەڵێت:

- باوکە تۆ عەزە توورگەت خۆشتر دەوێ یان سەهیۆن؟ (پیربال، ٢٠٠٧، ١٠٥)

بەمەش ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ئەمە قسەی منداڵێکە هێشتا باش لە بابەتەکان تێناگات و یەکسەر ناوەرۆکی بابەتەکە دەگۆڕێت.

نموونەیەکی تر:

- بابە سەهیۆن بە چەند ڕۆژ گەیشتە ئەسفەهان؟

- نازانم بەڵام ماوەیەکی پێچوو

- ئەسفەهان چی لێیە؟ (پیربال، ٢٠٠٧، ٤٢-٤٣)

لەمەی سەرەوە بە وردبوونەوە لە زمانی هەردوو دەقەکەی کە هێڵیان بەژێردا هاتووە بۆمان دەردەکەوێت کە خاوەنی قسەکان منداڵە، چونکە شێوازی قسەکردنی منداڵ بەم شێوەیەیە.

لە هەندێك شوێنی ڕۆمانەکە پێچەوانەی ئەم بارەی سەرەوە هەستی پێدەکرێت، واتە منداڵەکە قسە دەکات بەڵام شێواز و دەربڕین و زمانەکەی وەکو هی گەورەکان وایە، بۆیە ناتوانرێت بەهۆی زمانەکەی بناسرێتەوە، وەك:

- ڕۆژێکیان مام موڕادی چایەچی عەزە توورگەی بردبووە لای (عەبدە بارۆخ) و (سلێمان قەلعەچی) و (حسقێل ڕدێن سوور) ی هەرسێکیان جوولەکە بوون، پێی گوتبوون بیکەنە شاگرد... کەچی عەزە توورگە گوتبووی لای جوولەکان ئیش ناکەم.

- عەزە توورگەی قوڕبەسەر؟ (پیربال، ٢٠٠٧، ٢٣٣)

دەستەواژەی (قوڕبەسەر) کەمتر لە شێواز و زمانی منداڵان دەچێت، هەر شێوازەکەش زیاتر لە شێوەی قسەکردنی ئافرەتان دەچێت، واتە ناتوانین بە هۆی ئەو زمانەوە ناسنامەی کەسەکە بزانین.

نموونەیەکی تر:

- باوکم بە نەفرەتەوە گوتی

- ناتوانیّ تەنانەت خەونیش ببینیّ!

- من لە دڵی خۆما گوتم ((ئەمە مانای وایە ئەگەر خەونیش ببینیّ خەونی هیچ و پووچ و گەندەڵ دەبینیّ)) (پیربال،٢٠٠٧، ٢٣٥)

بەکارهێنانی وشەی (گەندەڵ) چ بۆ ئەو سەردەمە چ بۆ منداڵ شیاو نییە، چونکە منداڵ کەمتر ئەو جۆرە وشانە بەکاردەهێنن. هەر لەبارەی ئەو شێواز و قسانەی لە هی منداڵ ناچن، کەچی نووسەری ڕۆمانەکە لەسەر زاری منداڵەوە دەریبڕیون لە ڕۆمانەکەدا، سەرنجی ئەم گفتوگۆیە دەدەین:

- هەر چۆنێك بێت ... من واتێدەگەم ئەو بەرهەمە عەقڵییەی خەون پێشکەشی دەکات دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو هێزە دەروونییانەی لە ڕۆژدا بەرهەمی هاوشێوەیان هەیە... تد.

- لەوانەیە ئەو تۆخمانەی گرفتە ڕۆژانەکە پەرەپێدەدەن، هەڵە و بێ بەڵگە بن ئێ ئەو کاتە خەونەکەش مایەپووچ دەبێت و خەوبینین سەرچیغ دەبات، وانییە بابە. (پیربالّ، ٢٠٠٧، ٣٠٨-٣٠٩)

لەم دەقەی سەرەوەدا ئەوەی هێڵی بەژێردا هاتووە قسەی منداڵەکەیە، بە هچ شێوەیەك لە زمانی منداڵ ناچێ واتە شێواز و زمانەکە هی ئەو تەمەنە نییە، بۆیە ناتوانرێت لە ڕێگەی زمانەکەیەوە ناسنامەی خاوەنەکەی بزانرێت لە رووی تەمەنەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە نووسەر زۆر بەوردی جۆراوجۆریی زمانی پەیڕەو نەکردووە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، لە هەندێك شوێندا وەك کارەکتەرەکە قسەیکردووە و لە هەندێك شوێنیشدا وەکو نووسەر (خۆی) قسەیکردووە.

- من لەوەتەی هەم و بەبیرم دێ .. هەولێر شەڕی تێدا نەبڕاوەتەوە.

- ئەم شەڕەش تەواو بێت .. شەڕێکی دیکە دیسان یەخەی ئەم هەولێرە دەگرێتەوە. (پیربالّ، ٢٠٠٧، ١٣)

لەمەی سەرەوە بەهۆی زمانی قسەکردنەکەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە قسەکە هی کەسێکی کامڵە یان بەتەمەنە، بەتایبەت بەهۆی ڕستەی (من لەوەتەی هەم و بەبیرم دێ)

**٣/٢/٢. زمان و پیشە:** زمان پەیوەندیی پتەوی بە باری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بەهەمان شێوە پیشەش پەیوەستە بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە، بەمەش دەشێت هەردووکیان کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبێت. زۆر جار دەتوانین لە ڕێگەی زمانەوە کار و پیشەی کەسەکان بزانین، بەوپێیەی هەر پیشەیەك کۆمەڵێك وشە و زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە. هەوڵدەدەین ئەم بابەتە بەسەر ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم)دا جێبەجێ بکەین و شیبکەینەوە لەڕێگەی هێنانەوەی چەند دەقێك وەکو نموونە:

- مام پیربالْ سبحان الله.

- چی؟

- ئەو کوڕە چەند بە کوڕەکەی حاجی ئەلیاسی بازرگان دەچی

- کوڕەکەی حاجی ئەلیاسی شکۆمەند و چاپووکە.

مام موراد بە پێش من کەوت

- خەڵکی ئێرەش نییە

- لە ڕێگەیەکی دووریشەوە هاتووە

- برسی دیارە

- پارەشی هیچ پێنییە. (پیربال، ٢٠٠٧، ٨٨)

لەم دەقەی سەرەوەدا ئەوەی هێڵی بەژێرداهاتووە قسەی کەسێکە کە پیشەی چایەچییە، بەڵام ناتوانرێت بەهۆی زمانەکەیەوە بناسرێتەوە چونکە هەروەك کەسێکی ئاسایی قسەیکردووە.

نموونەیەکی تر:

- من یەکسەر گوتم

- ئەرێ بەڕاست ئەوە مەلافەندی مەلایەکی دوازدە عیلم و هێندە ئیمانداره چۆنی لێ قبوڵ دەکات.

حاجی پووشۆ گوتی

- مەلافەندی شەهابەی خۆشدەوێ، چونکە وەك کوڕی خۆی لە منداڵییەوە بەخێوی کردووە، هەر لەماڵی خۆی و لە ناو دیوەخانی خۆی گەورەی کردووە. (پیربالْ، ٢٠٠٧، ١٠٨)

ئەمەی سەرەوە دەقی یەکەم قسەی کەسیکە کە پیشەی قەسابە و هی دووەم قسەی کەسێکە پیشەی بازرگانە، کەچی هیچ جیاوازییەك لە شێواز و زمانەکەیاندا نابینرێت، ناتوانرێت بەهۆی زمانەکەوە لە یەکتر جیابکرێنەوە.

**٤/٢/٢. زمان و (شێواز و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی):** هەندێك جار تاکێك لەناو کۆمەڵگادا لە یەك کاتدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەندین هۆکار، بۆیە هەریەکێك لەو هۆکارانە کاریگەری لەسەر زمانەکەی دەبێت، بۆ نموونە یەکێك لەماڵەوە لەژێر کاریگەری خێزانەکەیدایە، لەلایەکی تر سەربە گرووپێکی ڕێکخراوەییە یان تێکەڵ بە گرووپێکی ڕۆشنبیری یان سیاسی دەبێت، ئەمانە هەموویان کاریگەرییان لەسەر زمانەکەی دەبێت، بەمەش شێوازی قسەکردنی جیاواز دەبێت، ئەم بارە لە ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم) دا ڕەنگی داوەتەوە، وەك:

**- بۆچی من دەبێ ئەو هەموو جەنگ و برسیەتی و دەربەدەری و گرانی و شەڕو شۆڕە یەك لە دوای یەکترانەش ببینم بەڵام بۆم نەبێ بتوانم بەلای کەمییەوە سەفەرێك بکەم؟ هیچ نەبێ ژنێك بەدڵی خۆم بهێنم.** (پیربالّ، ٢٠٠٧، ٣٧)

من بیرم لەوە دەکردەوە کە قسەکەی شەهابە ڕاستە

- نە ئاغایان هەیە بەری ماندووبوونیان لێ بسەنێتەوە ، نە سەرۆك عەشیرەتیان هەیە ماڵ و سامان و نامووس و کەرامەتیان پێشێل بکا، نە مەلایان هەیە بەناوی غەزاوە بیاننێرێتە جەنگەکان و یەکتر قڕبکەن و ... تد (پیربالّ، ٢٠٠٧، ٣٣٤)

- شەهابە ڕاستی دەکرد هەولێر بەخۆی و قەڵاکەیەوە لە دوورەوە لە دەمەکانی خۆرئاوابووندا نوقمی تەپوتۆزێکی خۆڵاوی و دێرین، عەینەن کتێبێکی گرمۆڵەی کۆن و پەڕپووت لەسەر پشتی خۆی ڕاکشابی پر لە حەسرەت و دەرد و هاواری تاسا و بەڵام بەهیچ شێوەیەکیش دەنگی لێوە نەیەتە دەرێ.

- لەم هەولێرە هەموو ڕێگاکانی بەردەم ئینسان پڕە لە کۆسپ و چاڵ و چەوێڵ. (پیربالّ، ٢٠٠٧، ٣٣٨)

ئەم دەقەی سەرەوە گفتوگۆی نێوان دوو کەسایەتی ناو ڕۆمانەکەیە یەکێکیان هونەرمەند و ئەویتریان قەساب، ئەو دەقەی تۆخکراوە قسەی کەسێکی هونەرمەندە، ئەوەی تریش هی پیاوێکی قەسابە بەڵام لە ڕێکخراوێکی سیاسی کاردەکات، جا لەبەرئەوەی یەکێکیان بەهۆی هونەرەکەیەوە و ئەویتریان ئەندامی ڕێکخراوێکی سیاسی (حزبی شیوعی عیراق) یە ، بۆیە هەست بەوە دەکرێت کە شێوازی قسەکردنیان جیاوازە و پلە و پایە و گرووپەکان کاریان کردۆتە سەر زمان و شێوەی ئاخاوتنیان.

نموونەیەکی تر:

- ئینجا دینۆ بە ژنێکی ئەسمەری ... گوت
- هەجەسە ... حەمایل. (پیربالّ، ۲۰۰۷، ۳۲۸)
- وازبێنە جانم من بەو تەمەنەوە ژنم بۆ چییە (پیربالّ، ۲۰۰۷، ۳۰۰)
- منداڵە ئیشتەم (پیربالّ، ۲۰۰۷، ۲۹۱)

بەکارهێنانی دەستەواژەی ( هەجەسە ) ڕێگامان بۆ خۆش دەکات بۆ ئەوەی ئەوەمان بۆ ڕوونبێتەوە کە ئەمانە سەر بە تاخمێکن یا عەشیرەتێکی جیاوازن، چونکە ئەم دەربڕینە لەلای دۆمەکانی هەولێر بەکاردێت واتە (بیشۆ)، هەروەها بەکارهێنانی دەربڕینی ( جانم، ئیشتەم ) ئەوە دەگەیەنێت کە خاوەنی قسەکان هەولێرین چونکە ئەم شێوازە لەلایەن هەولێرییەکان بەکاردێن.

هەندێك جار ئەمەی سەرەوە لە ناو ڕۆمانەکەدا پێچەوانە بۆتەوە، واتە بەهۆی زمانەوە ناتوانرێت پلە و پایەی کەسەکە بزانریت. چونکە کەسەکە پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتی هەیە بەڵام شێوەی قسەکردنی هەر وەکو هی خەڵکی ئاساییە. وەك:

- گوێبکرن ئێوە هەرسێکتان ، قەرە بە قەرە، بەردەوام لەگەڵ شەهابە دەبن ... بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ئاهەنگەکە تەواو دەبێت و دەبڕێتەوە، ئاگاداری شەهابە دەبن، شەهابە کوڕی خۆمە و ئێوە لەوێ پاسەوانی لێدەکەن... (پیربالّ، ۲۰۰۷، ۲۰۰-۲۰۱)

ئەم دەقەی سەرەوە قسەی مەلافەندییە کە یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە، بەڵام دەبینین شێوازی دەربڕین و زمانی دەقەکە لەوە ناچێت هی مەلایەك بێت، بەتایبەتی مەلافەندی کە جگەلەوەی پیشەکەی مەلا بووە، لە هەمان کاتدا کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی دیار و خاوەن پلە و پایە بووە، بەڵام زمانی قسەکردنی هەروەکو زمانی کارەکتەرەکانی ترە.

چونکە پیاوانی ئاینی لە کۆندا وشەی عەرەبییان زۆر لە زمانەکەیاندا بەکارهێناوە، بۆ نموونە ئەگەر ئەم دەقە لەسەر زاری مەلایەك بکرێت لەو سەردەمەدا دەبێ بەم شێوەیە بێت:

(مستەمڕ لەگەڵ شەهابە دەبن خصوصەن دوای ختامی حەفلەکە، ئیحتفازی پێبکەن چونکە شەهابە ئەولادی خۆمە و ئێوە لەوێ حیمایەتی بکەن)

**ئەنجامەکان:**

١- نووسەر لە چەندین شوێنی ناو ڕۆمانەکەدا هەوڵیداوە بەزمانی کارەکتەرەکان وەك خۆیان قسە بکات و شێوازی ئەوان بەکاربهێنێت، وەك ئەوەی کاتێك ڕووداوێکی لەسەر زاری ئافرەتێك یان منداڵێك یان کەسێکی خوێندەوار گێڕاوەتەوە، هەوڵیداوە بە زمانی ئەوان قسە بکات، واتە جۆراوجۆری زمانی بەکارهێناوە.

٢- لە هەندێك شوێنی تری ناو ڕۆمانەکەدا پێچەوانەی ئەنجامی یەکەم هەستی پیدەکرێت، واتە جۆراوجۆری زمانی لە شێواز و زمانی کارەکتەرەکاندا ڕەنگی نەداوەتەوە و بەرجەستە نەبووە، لە هەندێك باردا ئافرەت و منداڵ و گەورە و بازرگان و ... تد هەموویان بەیەك زمان لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ دەکەن و زمانەکەش بریتییە لە زمانی نووسەر خۆی.

٣- لە هەندێك شوێنی تری ناو ڕۆمانەکەدا جۆراوجۆری زمانی بە پێچەوانە ڕەنگی داوەتەوە، واتە جاری وا هەیە خەڵکی نەخوێندەوار بە شێواز و زمانێك قسەیکردووە، لە زمانی کەسێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار دەچی، یاخود پیاوێك بە زمانێك قسەی کردووە ئەگەر سەرنجی زمانەکەی بدرێت وەکو زمانی ئافرەت دێتە بەرچاو.

٤- ئەمانەی سەرەوە ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە نووسەر بە شێوەیەکی ورد و بەرنامە بۆدارێژراو پەیڕەوی جۆراوجۆری زمانی نەکردووە لە زمانی کارەکتەرەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم قسەیە ئەوە ناگەیەنی کە نووسەر بەتەواوی پێشێلی ئەو بابەتەی کردبێت، چونکە هەردوو بارەکە واتە (پەیڕەوکردن و پەیڕەونەکردن) ی جۆراوجۆری زمانی لە زمانی قسەکردنی کارەکتەرەکاندا هەستی پێدەکرێت.

## لیستی سەرچاوە:

### کوردییەکان:


١. ئەلوافی، عەبدولواحد (٢٠٠٧)، زانستی زمان، و/ ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر.

٢. برزو و عەزیز، ئومێد بەرزان، عومەر ئەحمەد (٢٠١٩)، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و هەمەجۆری لەزماندا، مجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية، المجلد (٣)، العدد (٢)، كانون الاول.

٣. برزو، ئومێد بەرزان (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٤. پیربال، فەرهاد (٢٠٠٧)، حیکایەتەکانی باوکم، ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، هەولێر.

٥. حەمەڕەشید، ئارام عبدالواحد (٢٠١٣)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا.

٦. حەمەغەریب، شالاو سالح (٢٠١٧)، زمانی ئاخاوتنی هەندێ پیشەی جیاواز لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان –زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٧. حوسێن، ڕێژنە مەعروف (٢٠١٠)، ڕۆڵی شێوەزارە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٨. خەرما، نایف (١٩٧٨)، چەند تیشکێك بۆ سەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکان، و. شهاب شیخ طیب، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك.
٩. خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (٢٠١٣)، زمانی ستانداردی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر
١٠.سلیم، پەیمان حسن محمد (٢٠١٠)، پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
١١.سەعید، یوسف شەریف (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٢.شەریف، بێریڤان محمد (٢٠١٠)، جۆراوجۆریا زمانی ل دەڤەرا بهدینان زمانێ پیشەیی وەك نموونە، نامەی ماستەر، کۆلیژا ئادابێ – زانکۆیا دهۆکێ.
١٣.عارف، زوبێر علی (٢٠١٢)، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
١٤.فتاح، محمد معروف (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٥.فتاح، محمد معروف (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٦.موحسین، بەهزاد (٢٠٠٨)، کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٢٩)، هەولێر.
١٧.محمد، بەهار زاهیر ( ٢٠٠٩)، زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

**عەرەبییەکان:**

١. لطفي، مصطفى (١٩٧٦)، اللغة العربیة في اطارها الاجتماعي، دراسة في علم اللغة الحدیث، معهد انماط العربي، بیروت.
٢. نهر، هادی (١٩٨٨). علم اللغة الاجتماعي عند العرب، الطبعة الاولی، بیروت.
٣. هدسن (١٩٨٧)، علم اللغة الاجتماعي، ترجمة محمود عبدالغني عیاد، بغداد.

**الملخص:**

**التنوع اللغوي في رواية (حكايات والدي) لفرهاد بيربال:**

اللغة ظاهرة اجتماعية ، وهي بوصفها هذا تؤلف موضوعا من موضوعات علم اللغة الاجتماعي ، هذه الدراسة ركزت على الأسباب الرئيسة لوجود لهجات متنوعه في المجتمع ، إذ لا تخلو المجتمعات الإنسانية منها ، ذلك أن المجتمعات تتكون من أفراد مختلفة الأجناس ، والافراد بصورة عامة تتمثل في فئات منها: النساء ، الرجال، الاطفال، تباين العمر، شخصيات مثقفة، الفلاحون، وغير المتعلمين ...الخ، ولكل فئة من هذه الفئات لغة خاصة بها تختلف عن الاخرى، واتخذ البحث رواية ( حكايات والدي) نموذجا لمعرفة مدى تجسد اللغات المختلفة في لغة شخصيات الرواية، هل تنوعت لغة الشخصيات داخل الرواية؟ وهل أثرت الاختلافات المهنية والمكانة الاجتماعية والثقافية ...الخ في لغة الشخصيات؟ أم أنها تحدثت بنفس الوتيرة والأسلوب واللغة.

هذا البحث تضمن مبحثين اثنين ، الاول تمثل في الجانب النظري، والثاني تمثل في بيان الجانب التطبيقي

**الكلمات الدالة:** التنوع اللغوي، علم اجتماع اللغة، المجتمع النموذجي، اسلوب التعبير .

## Abstract

### Language Varieties in Farhad Pirbal's Novel 'My Father's Tales'

This research, which shows the phenomenon of language varieties in society, is a sociolinguistic study. The phenomenon exists in all languages all over the world.  this is because any society consists of some social classes which may include genders, different ages, educated and uneducated, etc. It is obvious that each individual has his/her own particular language which is distinguished by specific terms. The study has chosen an typical sample, which is 'My Father's Tales'. the researcher intends to know whether the story has befitted from the varieties or not.  The study aims to find out if women speak like women, farmers like farmers, and so on. Another objective of the study is to know if the social and cultural difference have any impact on their languages. The study comprises two parts: the first part is theoretical and the second part is practical.


**Key words**:  Language Varieties, Sociolinguistics, Exemplary society, Speech Style